

# مێژوو

## پیرۆزبێ یادی سولەیمان موعینی

### هەڵگورد

لە ناو هەر نەتەوەیەکی چەوساوەدا ، قارەمانانێك لە دایك دەبن کە نە تەنیا بو نەتەوەی خۆیان بەڵکو بۆ هەموو تێکوشەران و داخوازەرانی ئازادی دەبنە نمونە و رێبەر،کاك سولەیمان موعینی یەکێك لە و رۆڵە تیکۆشەرانە بوو،ئەو نەتەنیا لە ناو دڵی گەلی خۆی شوێنی کردۆتەوە بەڵکو لە ناو گەلانی چەوساوەی ئێرانیش دا رێزی تایبەتی خوی هەیە.

کاك سولەیمان لە سالی 1932 لە بنە ماڵەیەکی شۆرشگێر لە مهاباد لە دایك بو،تەمەنی لاویتی لە گەڵ کۆماری کوردستان هاودەم دەبێت،سەردەمی کۆمار هەر چەند کورت بوو بەڵام لەسەر کە سایە تی کاك سولەیمان شوێنی خۆی دانا. سالی 1946 کۆماری کوردستان کەوتبوە ژێر هێرشی رژیمی گەندەڵی پەهلەوی و کاك سولەیمانی لاو لە نزیکەوە ئەو تێکشکانەی کۆمار و ئەم بی حورمەتیەی کە بە گەلەکەیان کردوە بە چاوی خۆی دەبینێت و لە سە ر هەستی ناسکی دەبیتە قورسایی،و ئەوەش دە توانین بلێین رۆڵی خۆی لە سەر ژیانی سیاسی و کەساییەتی ئەو دادە نێت.

کاك سولەیمان لە سالی 1952 بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵا دەچێتە تاران ئەویش هاوکات دەبێت لە گەڵ سەردەمی دوکتور موسەدیق، کاك سولەیمان لە گەڵ هاورێیانی پشتیوانی لەم تێکۆشانە بە دژی رژیمی گەندەڵی پەهلەوی و بۆ دامەزراندنی دێمۆکراسی دەکەن،رژیمی شای ئیران بۆ راگرتنی دەستەڵاتی خۆی هەموو رێخراوە دێمۆکراتیخوازەکان دەخاتە ژێر زەبرو لێدان و حەولی لە ناو بردنیان دە دات.

پشتی ئەم هێرشە کاك سۆلەیمان بریار دەدات بگەرێتەوە کوردستان و تێکۆشانی خۆی لە وێوە درێژە پێ بدات،بە ڵام لە سالی 1955 بە دەست بەکرێگیراوانی رژیم دەستگیر دەکرێت وماوەی 2 ساڵان لە ژێرئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر بە سەربلیندی ئازاد دەکرێت و لە ناو رێخراوی حیزبی دێمۆکراتی کورستان کە ئەو سەردەم ریخراوی ئەیالەتی حیزبی تودە دە بێت تێکۆشانی خۆی درێژە پێ دەدات.

ساڵی 1960 ساڵی هێرشی رژیمی پاشایەتی بۆ سەر کوردستان دەبێت و فەرماندەهی ئەم هێرشە بە وەرەهرام دە سپێردرێت، بە هۆی هەڵەی یەکێك لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات و لە درێژەی خۆیدا خەیانەتی ئەو ئەندامە زۆربەی کادێر و ئەندامانی حیزب دەناسرێن و بەشێکی زۆری ئەو کادێرانە دەکەونە زیندان و هێندێکیشیان بۆ درێژەدان بە شۆرش پەنا دەبەنە باشوری کوردستان.

ناسینی کە سایەتی شۆرشگێر تەنیا لە ناو شۆرش دا دەردەکەوێت،بە شێك لەو کەسانەی چوبونە باشور تیکۆشەرنەبون بەڵکولە ترسی گیانی خۆیان و بە هەڵکەوت کە وتبونە ئەو بەشەی کوردستان.

هەل و مەرجی ئەو سەر دەمی عێراق بە هۆی سە رکەوتنی جوڵانەوەی دێمۆکراتیکی عێراق بە رێبەڕی عبدلکریم قاسم،مەجالی بۆ دەستپێکردنەوەی جوڵانەوەی گەلەکەمان لە باشور خولڤاند و ئەویش بە نۆرەی خۆی رێگە خۆشکەر بوو بۆ زیندوکردنەوەی شۆرش لە رۆژهەلاتی کوردستان .

کاك سولەیمان بە دڵ و گیان هەموو پوتانسیەلی خۆی دەخاتە خزمەت بە شۆرش و لە نزیکەوە لە گەڵ بارزانی کار دەکات و بە شێکی زۆر لە رۆژنامەی *دیسان بارزانی* بە قەڵەمی ئەو دەنوسرێت،و کاك سولەیمان دەبێتە کەسایەتیکی زۆر خۆشەویست بۆ بارزانی،بە لام کاك سولەیمان زوو تێدەگات کە بارزانی لە ریگەی خزمەت بە گەلەکەی لای داوەو کەوتوتە ژێر رکێفی دەرەبەگەکان وکۆنەپەرستان ، درێژەدان بەم سیاسەتەو دخالەتی ساواکی

ئیران بوو بە هۆی دژایەتی بارزانی و عبدلکریم قاسم و لە درێژەی خۆیدا بوو بە هۆی بارزانی شۆرشی کوردستان باوێتە باوەشی شای بەکرێگیراو و ئەو دوژمنە خوێنخۆرەی گەلەکەمان.

کاک سولەیمان و هاورێکانی بە فەلسەفەی فیکری نەتەوەیی ئەو بۆچونەیان بە هەڵە دەزانی و لە پەیوەندیەکانی بارزانی لەگەڵ شای ئیران دڵگیر بوون و پشتیوانیان لی نەدەکرد. بارزانی کە لە هۆشیاری و زانایی کاک سۆلەیمان ئاگادار بوو وەك کۆسپێك لە رێگای پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ساواکی دەبینی و بۆ پەرچدانەوە و رازی کردنی کاك سۆلەیمان پیی وابوو ئەگەر مقامێك بدات بەم مرۆڤە دەتوانێ سیمپاتی سولەیمان بۆ سیاسەتەکانی خۆی راکێشێت بەڵام ئەو رۆڵە دڵسۆزەی گەلەکەمان کە هەمو ژیانی خۆی لە خزمەت شۆرش و گەلەکەی دانابوو ، سیاسەتی دروست و خزمەت بە نەتەوەکەی لە سەروی هەمو ئامانجەکانی فەرز دەکرد .

بە هۆی تێکەڵاوی و پەیوەندیەکانی هەر چی زۆرتری بارزانی لە گەڵ ساواکی ئیران ئیمکانی بۆ ساواك خۆشتر دەکرد کە داوخوازیەکانی هەرچی زۆرتر بکات و لەم پەیوەندیەشدا داوایان لە بارزانی کرد کە رێگا بگرێت لە خەبات و تیکۆشانی شۆرشگێرانی رۆژهەلاتی کوردستان . بە هۆی ترسێکی زۆری ساواك لە جولانەوەی شۆرشگێران و جم و جۆلی کوردەکان لە ناو ئیران پیك هاتی ساواك - بارزانی بە خوێنی سوری کاك سولەیمان ئاودێر کرا .

کاك سولەیمان و هاورێکانی وەك مەلا ئاوارە ، سمایلی شەریفزادە ، مەلامەحمود زەنگەنە ، عبدوڵا موعەینی ، خەلیل شەوباش ، قادر شەریف .... کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیمۆکراتیان پیك هینا کە ئامانجی سەرەکی پەیوەندی لەگەڵ زەحمەتکێشان و شۆرشگێرانی گەلی کوردبوو . لەم کاتە دا شای ئیران یەکێك لە مۆرە هەرە بە تواناکانی خۆی بە ناوی ارتشبد اویسی بۆ سەرکوتکردنی ئەو شۆرشە نارده کوردستان ،اویسی فئودالە کۆنەپەرەستەکان و خۆفرۆشانی ناوچەکەی دەخاتە خزمەت خۆی و دەگژ شۆرشگێرانی نەتەوەکەمانیان بەر دەدات و هاو کاتیش ئەمر دەکاتە بارزانی بۆ لیدانی شۆرشگیران ، بە مانایەکی تر لە هەر دوو بەشی کۆردستان هێرش دەخرێتە سەر رۆلەکانی بەشەرەف و شۆرشگێری نەتەوەکەمان و لە هەمبەر ئەم خزمەتە ئێران پارە و چەکێکی زۆر دەدات بە بارزانی و بەلێنی بە بارزانی دەدات هەر کات سولەیمان بە زیندویی تەحویلی ئێران بداتەوە بە چەند قات چەك و تەقەمەنی زیادتر دەکەن . کاك سولەیمان ناسراو بە *فایق* و خەلیل شەوباش لە رێگەی سیتەك لە نزیك سولەیمانیە بە دەستی خۆفرۆشیك بە ناوی سەدیق ئەفەندی دەستگیر دەکرین و دەبرێن بۆ لای بارزانی، ئەویش بە نۆرەی خۆی فەرمانی کۆژرانیان دەدات و تەرمەکەی کاك سولەیمان تەحویلی ساواکی ئێران دەدرێتەوە.

پاش گەرانەوەی تەرمی کاك سولەیمان بۆ ئێران ژاندارمەری تەرمی کاك سولەیمان لە پادگانەکان هەلداوەسن و نوسراوەیەك دەخەنە سەر ملی تەرمەکەی کە نوسراوە * سزای خیانەت بە ئێران مردنە * ، خەلکی تێکۆشەری مهاباد چاوی دیتنی ئەم تراژیدیایان نەبو و دەست دەکەن بە خۆپێشاندان و تەرمی کاك سولەیمان لە دەست ژاندارمەری دەهەستێننەوە و بە حورمەتێکی زۆر ئەم رۆلە قارەمانەی خۆیان بە خاك دەسپێرن وهەمو شار و دوکانەکان دادەخرێن هاوکات دژی ئەم کردەوەی بارزانی نارەزایی دەردەبرن و بارزانی بە خائین ناو دەبەن.

کاك سولەیمان و بەشێکی زۆر لە هاورێکانی شەهید کران بەلام ئامانجی ئەم رۆلە قارەمانانە کە رزگاری زەحمەتکێشان و سەربەخۆیی کوردستان بوو لە دڵی بەشێکی زۆر لە رۆلەکانی نەتەوەکەمان دا زیندو راگیرا .ئێمە یادی ئەم رۆلەقارەمانە کاك سولەیمان و هاورێکانی وەك ئەستێرەیەکی گەش بۆ روناکی رێگامان دەنرخێنین.

## پێرۆز بی یادی ئەم قارەمانانە